# سەرۆک وەزیران دوای سەردانەکەی بە نەینەوا دەگەڕێتەوە بۆغدا

ئەمە دووشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، دوای کۆتاییهێنان بە سەردانەکەی بە پارێزگاری نەینەوا، گەڕایەوە بە بۆغدای پایتەخت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕاگەیاندووە: محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دوای کۆتاییهاتنی سەردانەکەی بە پارێزگاری نەینەوا گەڕایەوە بە بۆغدای پایتەخت، کە سەردانی قەزاکانی تەلەعفەر و شنگالیان کرد، و لەگەڵ خەڵک و کەسە دیارەکانی کبووەوە و بەدواداچوونی بە ڕەوشی دەقەرەك کرد وژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزاریش کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە" دیارترین وەستگەکانی سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بە پارێزگاری نەینەوا دەستپێکردنی کارە جبەجێکردنەکانە لە شاری نوێی نیشتەجێبوونی غەزلانی بوو کە 28 هەزار یەکە نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت، لەگەڵ کردنەوەی نەخۆشخانەی گشتی 138 قەرووێلەی ڕێبیعە، ولە سەردانەکی مەیدانیدا بە قەزای شەنگال، کبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لەقەزاکە ئەنجامیدا لەگەڵ ئەنجامدانی کبوونەوەیەکی فراوانکراو بە سەرکردە ئەمنییەکان و سەرکردەکانی پێکهاتە سەربازییەکان لە پارێزگای نەینەوا، ئەمە جگە لەوەی

کەبوونەوەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان لە بەشی خزمەتگوزاری و جەبەجەکردن و کارگێڕی لە پارێزگای نەینەوا لە قەزای شەنگال سازکرد.

هەروەها لەسەردانەکەدا پاکێجێک لە پرۆژەی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و تەندروستی بە خێرایی قەزای شەنگال راگەیاند، هەروەها لەگەڵ کەمێک لە کەسایەتییە دیارەکانی قەزای شەنگال و سەرۆك هێزەکان کەبووەوە.

لە درێژەی راگەیەندراوەکدا هاتووە" هەر لەچوار چێوەی سەردانەکەیدا، سەردانی قەزای تەلەعفەریش کرد، ودیدارێک لەگەڵ کەمێک بنەماڵە و کەسایەتییە دیارەکان وسەرۆك هێزەکان و کەسایەتییە ئاینیەکانی قەزاکە سازکرد، هەروەها ڕاگەیاندنی پاکێجێک لە پرۆژەی گەشەپێدان و خزمەتگوزاری لەو بواری ژێرخاندا بە خزمەتکردنی قەزاکە.